# چەند سەرنج و تێبینییەک لە گۆڤاری «میزۆپۆتامیا»

## «بابەتە کوردییەکانی- مەوسوعەی میزۆپۆتامیا-»

عوسمان عەبدولڕەحمان سمایل

**لەم دواییانەدا گۆڤارێک لە لایەن دەزگای «مركز دراسات الامە العراقيە»وە دەردەچێت بە ناوی «میزوبوتامیا»، ژمارەیەکی لە 2004 دەرچووە، و لەم ماوەیەی دوایییدا ژمارە5-6 ی لە تەممووزی ئەمساڵ 2005 دا کەوتە بازاڕەوە، ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکە بریتییە لە 480 لاپەڕەی قەبارە گەورە، و لە شێوەی موسوعە دایە وەکو خۆیان ناویان لێ ناوە، و نووسینی لە بارەی هەموو شارەکانی عێراق تێدایە، خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەرەکەی «سلیم مطر»، و سکرتێری نووسینی«نصرت مردان و علی ثوینی» یە،**

ئەوەی لەم گۆڤارەوە تێبینی دەکرێت هەر لە ژمارە یەکیەوە، لە لایەن چەند کەسێکی بەناو عێراقچیەتییەوە دەردەکرێت، مەرامی سەرەکیشی نکۆڵیکردنە لە کورد و کێشەکەی، وەک لەم گۆڤارەدا کە باسی عێراق دەکات وەک عێراقێک بەر لە هەزاران ساڵ پێش مێژوو قەوارەکەی نەزیاد نەکەمی کردبێت، هەروەکو کتێبەکانی پرۆگرامی خوێندن لە هەموو قۆناغەکان، سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، زانکۆ و پەیمانگاکانیش هەربەم بۆچوونە نووسراونەتەوە، ناشڵێت کەوا ئەم بەشە کوردستانەی بەرعێراق کەوتووە بە زۆری زۆردارەکی لە ساڵی 1925 بەپێی بڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان(عصبە الامم) و بۆ بەرژەوەندی بەریتانیا ئەم خاکە خرایە سەر عێراقەوە، واتێدەگەم دەستەی گۆڤارەکە هەر ئەو کەسانەبن کە «سەدام حوسێن» لە سەر ڕێبازی دەستەی نووسینەوەی مێژوو- هیئە کتابە التاریخ-بن کە چەواشەکردی مێژوو شێواندنی بەجۆرێ کە لە خزمەتی بۆچوونەکانیان بن، بەڵام لایان داوە لە عەرەبچێتی یەوە بۆ تورکچێتی، ئەوەی ئێمەش لێرەدا ئەمانەوێ ئاماژەی بۆ بکەین دەرخستنی زانیاریەکانی شارەکوردیەکانە کە چەند دەستە واژەیەکیان بەرچاو دەخەین، و بەپێی تواناش ڕوونیان دەکەینەوە. لە سەرەتادا لە ناونیشانی گۆڤارەکە بە زمانی« عەرەبی، و کوردی و تورکی و سریانی» لە کورد یەکەی وشەی «دوو ڕووبار ستان»یان لە ل11 نەخشەیەکمان پیشان دەدات کە گوایە نەخشەی عێراقی سەردەمی«سەرجۆنی ئەکەدیە» ، ساڵی 2300 پ.د بەڵام هیچ جیاوازی نییە لەگەڵ«عێراقی سەدام حوسێن» کە لەگەڵیشدا خاکی کوێتی بەسەرەوەیە، بێ ئەوەی بستە خاکێکی تری عەرەبی تریشی لەگەڵدابێ.

لە ل96 لە بەشی «قاموس المحافظات المختصر» لە بارەی «اربيل- هەولێر)ەوە دەنووسێ«پایتەختی ناوچە کوردیەکانە لەگەڵ سلێمانی و دهۆک، شارێکی عێراقی ڕەسەنە، لە سەردەمی بنەماڵەکانی ئاشوورییەوە». لەم دەستەواژەیە دا لە سەرەتادا نکۆڵی لە شاری کەرکووک دەکات وەک بەشێک لە کوردستان و شارێکی کوردی، دواتر هەولێر بێ هیچ گومان و دوودڵیەک بەشارێکی عێراقی ڕەسەن دادەنێ، نەک داگیرکراو، دواتر دەنووسێ«هەمیشە شارێکی عێراقی بە زمان سریانی بووە، بەڵام لەم سەدەیەی دوایییدا زۆرینەی بۆتە کوردی عێراقی کە زۆرینەی زمانیان بادینانی کوردییە».ل96،

کوردی عێراق لە پێش مێژووش هەر عێراقی بووبن!! هیچ ڕاستییەکی تێدانییە، دواتر دەرکەرانی «مەوسوعەکە» هەموو کاتێ ئەوە دەڵێن کە گوایە زمانی کوردی چەند زمانێکەو یەک زمان نییە، وەک «زمانی بادینانی، زمانی سۆرانی، زمانی هەورامانی...». لە باسی شاری کەرکووک- تأمیم- دادەڵێ:.« شارێکە زۆرینەی زمانیان تورکمانییە، و هەروا کورد و عەرەب و سریان و ئەرمەنی لێ نیشتەجێیە» .ل100

لە باسی شاری دهۆکیش دەنووسێ:.«ئێستاکە بەپارێزگایەکی کوردی دادەنرێت، بەڵام هەتا سەدەی ڕابردوو زۆرینەیان سریانی مەسیحی بوون، زۆرینەی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی کۆچیان کردووە بۆ ناوچەی تریان دەرەوە»ل100-101 لێرە خوێنەر وا هەست دەکات کوردەکان لە وڵاتێکی تر یا




دەرەوە هاتبن و دەستیان بەسەر شارەکەدا گرتووە، بە پێچەوانەی سریانییەکان!.

لە باسی شاری سلێمانی دەنووسێ: «خەڵکەکە بە زمانی سۆرانی کوردی قسە دەکەن کە جیا لە زمانی بادینانی کوردی کە لە هەولێر و دهۆک قسەی پێ دەکەن» ل102-103، و «سلێمانی بەبەشێکی عێراق ماوەتەوە بەدرێژایی چەندین سەدە»ل10 ئەگەروابێ دەبێ هەموو یاخی بوونی میرە بابانییەکان و شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمر لە پێناوی «عروبە» بووە! بەڵێ ئەم شارە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووش هیچ پەیوەندیەکی بەم عێراقە مێژوو درێژەی ئەوان باسی دەکەن نەبووە.

ل151، ئەوەی من بۆی بچم ئەمانە ئەم ڕستانە لە خۆیانەوە ڕێز دەکەن بێ ئەوەی گوێ بدەنە حەقائیقی مێژوویی شارەکە لە ژێر دەستی دەوڵەتی عوسمانی دابووە و هیچی تر ئەمجاچەند بابەتێکی هەڵبژاردە لە بارەی هەولێرەوە نووسراوە، بەڵام ئەوەی هەستی پێ دەکرێت بەڕوون و ئاشکرا دیارە، ئەم بابەتانە لە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤاری ترەوە هەڵبژاردراون و لێرەدا دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە لەم مەوسوعەیە گرتوویانەتە بەر. لە بارەی پارێزگای دهۆک ل206-213 نووسراوە، چەند بابەتێکی جیاجیا لەخۆوە دەگرێت، باسێکی درێژ بەم ناونیشانە نووسراوە«گوندە سریانییە مەسیحیەکان لە پارێزگای دهۆک کە کراون بە کوردی» ل207-213 دایە، لە نووسینی «ماجد ایشو»یە، دەنووسێ«زۆر لە ناوچەکانی باکووری عێراق ئێستاکە زۆرینەی کوردن، هەتاوەکو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم زۆرینەی دانیشتوانەکانی کورد نەبوون... بەڵام دەشتی هەولێر و کەرکووک و زۆرینەی دهۆک زۆبەی سریانی و یەزیدی بوون... هەتا سەرەتاکانی سەدەی بیستەم زۆرینەی تورکمانەکان لە شاری هەولێر و قەڵاکەی بوون»ل208. میرنشینی بادینان بە«میرنشتی بادینانی عەبباسی« ناودەبا ل210، بەڵام بۆ عەباسین؟! ئایا عەبباسیەکانی بنەماڵی مامی پێغەمبەر(د.خ) دوای کوتنی دەوڵەتی عەبباسی لە ساڵی 656ک هاتن لە کوردتستان میرنشینیان دانا، نەخێر بەڵام هەندێ لەمێژوونووسانی کورد بۆ زیاتر خۆشیرین کردن لای حکوومەت و بڕوا پێکردن ئەم ئیمارەتە بە عەبباسی دادەنێن، ئەگینا بۆ لە کوردستان، ئەی خاکی ئەم هەموو خاکە عەرەبیە چییە؟! بۆ لەوێ نەبوون؟! دواتر هەموو ناوچەی دهۆک و دەوروبەری بەشارو گوندیەوە کرانەتە«ئاشووری- سریانی» بێ ئەوەی نووسەر ئەوە بڵێت کەمەسیحیەت ئاینە و نەتەوەنییە ئەمە. لە بارەی شاری سلێمانییەوە ل-252 244 دەنووسێ:. «ئیبراهیم پاشا لە بەر ئەوەی ماوەیەکی زۆر لە بەغدا ژیاوە و«بە بەغدایی کراو- تبغدد-» بووە، بۆیەش سلێمانی لە شێوەی بەغدا دروست کردووە، کە بریتیە لە خانووی نیشتەجێ بوون و دوکان و مزگەوت و حەمام...»ل245. دواتر دەنووسێ:. «جیاوازی زمانەوانی و مەزهەبی لە نێوان سلێمانی و هەولێردا هەیە»ل240 ئەمانە لە چەند درۆو هەڵەیەک زیاترنین.

لە باسی کیمیا بارانی هەڵەبجەدا دەنووسێ:.«تاوەکو ئێستا نازاندرێ کەوا لە لایەن سوپای ئێرانییە یاخود عێراقیەوە بۆمباران کراوە، هەروا هەرگیز ژمارەی قوربانیانی نەزاندراوە، هەندێک بڕوایان وایە دەیانن،و زۆربەشیان لە جەنگاوەران بوون، و هەندێکی تریان بڕوایان وایە هەزارانن و زۆربەشیان لە هاووڵاتیانن» ل250. ئەم دەستەواژە و بیرانە بەڕاستی لە کەسانێکی بەعسی و سەدامی نەبن نانووسرێن و دەرنابڕدرێن. ئەمجا فایلێکی قەبەو دووروو درێژیان لەسەر شاری کەرکووک ئامادەکردووە ل-440 356 کە هەمووی بریتییە لە سەندنەوەی ناسنامەی کوردایەتی لەم شارە،و لەبەرکردنی جل و بەرگ و ناسنامەی تورکمانیەتی بە چەند بیرو دەربڕینی ئەوتۆکە منداڵیش پێی هەڵناخەڵەتێ! و لە شێواندنی مێژووی شارەکە و جوگرافیای ناوچەکە زیاترنییە.

لە وتاری«کرکوک ومناطق ترکمان العراق» ل 410-422، ی«ارشد الهرمزی»، یەکەم شت کە باسی دەکات ئەوەیە، گوایە لە نەخشەیەکی بەریتانی 1952 دا«تورک و تورکمانی» ل410 بە یەک وشەی هاو واتا دانراوە، کەرکووکیش شارێکی تورکی بێت، دەبێ بۆچی نەیدابێتە تورکیا لەم کاتەدا کە شارێکی وەکو ئەسکەندەرۆنە کە وا تورکی نەبوو، بەڵکو کورد و عەرەب و تورکی تیا نیشتەجێ بووپێی بەخشی کەچی کەرکووکی تورکی بە زۆر لێ سەند بەبڕیارێکی کۆمەڵەی نەتەوەکان لە هەمان ساڵدا، بەڵام دیارە ئەمە هەڵبەستراوە. دواتر ئەمانە جیاوازیان هەیە، چونکە وشەی تورکمان پێکهاتووە لە «تورک-مان» کەی یەکەم ڕەگەزی تورک، و دووەم مانای ئینگلیزیە واتە« پیاو» و وشەکە بەیەکە دەکاتە«پیاوی تورک» یان تەنانەت«بەکرێگیراو و کارکەران لەگەڵ تورک» دەگرێتەوە. دواتر ناوچە تورکمانیەکان بەم شێوەیە دادەنێت:.« تەلەعفەر، گوندەکانی مووسڵ، هەولێر، ئاڵتون کۆپری، کەرکووک، کفری، قەرەتەپە، خانەقین، قزل ڕباط، مەندەلی»ل410-411. دەبوایە بینوو سیبایە«کوردستانیش» بەڵام نەیزانیووە، بۆ سەلماندنی ئەم ڕایە و ئەم ناوچانەش ئاماژەبە نووسینی نووسەرێکی ناشارەزای کوێتی دەکات بە ناوی «مەحمەد ضیف الله المطیری» لە کتێبی«مشكلتنا الموصل والا سكندرونە واالعلاقات العربیە التركیە» القاهرە، 2003.

ئیتر لێرەدا ئەوەش ماوەتەوە و دەمەوێ بیڵێم- بەسەرپێیی و پێ بەدواداچوون- ئەوەیە کە دەستی شێواندنی مێژوو و جوگرافیای کوردستان گەیشتۆتە بەشە کوردستانی سووریاش لە لایەن ئەم دەستەیەوە، ئەویش بە بەعەرەب کردن و لە بەسریانی کردن، ئەمەش بە ئاشکرا لە لاپەڕەکانی 442-462 دا بەرچاو دەکەوێت، لێرەشدا هەروەکوو وشەی کوردستان و خاکی کورد خەیاڵی بێ و بوونی نەبێ، ئەو ناوچانەش کە لە کوردایەتی شۆڕاون برتیین لە «ناوچەی جەزیرە،حەسەکە، قامیشلی، سەرێ کانی، عەین دیوار و هی تریش» کە دیارە هەموویان کوردی ڕەسەنن بێ هیچ دوودڵیەک بەری ڕۆژیش بەبێژینگ ناگیرێ.

**پەراوێزەکان**

*** لەم دواییانە دابەشێکی زۆر لەم پرۆگرامانە دەستکاری کراون و گۆڕاون:**

**1- بڕوانە: نزار اعزای، لغەکردیە واحدە..ام لغات؟ ،مجلە میزوبوتامیا، العدد الاول، تموز 2004، ل 52-65 و تەعلیقی دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە**

**2- ئەم ڕستەیە لە ل150 جارێکیتر دووبارە کراوەتەوە.**

**3- دیسان ئەم دەستەواژەیەی لە باسی شاری سلێمانی و لە ل247 دووبارەکردۆتەوە، لەگەڵ وشەی بادینانی «کرمانجی-کرمجە» ی بەکار هێناوە.**

**4- بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: معروف جیاووک، مأساە بارزان المظلومە ، الطبعە الثانیە، اربیل 2001.**

**5- بەڕاستی من بڕوام وایە«سەدام حوسێن»ی خوێنڕێژ و دیکتاتۆر بەم شێوەیەی نووسراوە نازانێ دیفاع لە خۆی بکات.**

**6- ئەمە وشەی بەپرسە گەورەکانی تورکە، نەک کەسێکی ئاسایی تورک.**

# ڕەنگدانەوەی کەسێتی پەشێو لە شیعری(ئەوپەڕی تینوێتی)دا



شاخەوان فەرهاد

ئەو پەشێوەی هەردەم نەبەردانە و سەربەرزانە خاوەن هەڵوێست و بڕیاری خۆیەتی، شیعرە نیشتمانپەروەری و خاک و وڵات پەرستەکانی گەواهی ئەو ڕاستییەن، کە چەندە تامەزرۆی کورد و چەندە تینوو شێت و شەیدای وشەی کوردستانە، بەڵام ئەمجارەیان گیانی پەشێوە بەرزەفڕانە لە شیعری ئەوپەڕی تینوێتییدا زۆر قەشەنگانە ڕەنگی داوەتەوە، لە ساڵی 1973 لە شاری (هەولێر) ئەو شیعرەی نووسیوە، کە شیعرەکەی کۆمەڵە لێکدانەوە و مەبەستێکی هێجگار جوانکیلە لەخۆدەگرێ، سەرەتا بەم شێوەیە دەسەت پێ دەکاو دەڵێ:

**ماچت دەکەم**
**ئەی گیانی خۆم ماچت دەکەم**
**قۆرتی چەناگەت ماچ دەکەم**
**نەرمانی گوێت**
**گۆی مەمکەکانت ماچ دەکەم**

لەم پارچەیەدا زۆر تامەزرۆیانە تینووی ئەوپەڕی ماچکردنی یارە شۆخ و شەنگ و دڵڕفێنەکەیەتی، چونکە ئەگەر سەیری یەکەیەکە لە وشەکانی بکەین دەبینین لە ناخەوە تامەزرۆی دیدار و ماچکردنی ڕاستەقینەی یارەکەیەتی.

پەشێو زۆر برسیانە تامەزرۆی عەشقی خۆشەویستەکەیەتی زۆر سۆزدارانە وشە ڕازاوەکانی لەپاڵ یەکتر ئاوێزانی یەکتر کردووە، پاشان ئاوێزانی تینوێتی گیانی خۆی کردووە بۆ ئەوەی ئەو تێنوێتیەی بە ماچی یار بشکێ و سووتان و هەژانی هەناوی بەمە نەبێ دانامرکێتەوە.

لێکدانەوەیەکی تریش هەڵدەگرێ ڕەنگە لەم پارچەیەدا هێندە تامەزرۆی کوردستانی خاکی پاکی کوردان بێ، ئاوا کوردستانی بە یاری خۆی چواندبێ و خۆشی بە تاکێک لە تاکە وڵات پەرستەکانی کوردستان چواندبێ، کە چەندە دلێرانە و نەبەردانە شێت و شەیدای ڕاستەقینەی سووتانی کوردستانە، لە پارچەیەکی دیکەدا دەڵێ:

**زۆر تینووتم**
**لەگەڵ ئەوەی چاک دەزانم**
**مەمکەکانت، وەک تۆ پەخوێ**
**تا ماچیان کەم**
**نەمامی زەردی تینوێتی**
**لە ئێسکمدا پتر دەڕوێ!**

زۆر شەیدایانە دێتە مەیدانی عیشق و هەناسەیەکی زۆر گەرم لە هەناوە سووتاوەکەی دێتە دەرەوە کە وەکو تۆپەڵە ئاگرێکی بڵێسەدار هەڵدەقوڵێ لە قووڵایی ناخیەوە، کە زۆر تینووتری دەکا و زیاتر خۆشەویستی نازدارەکەی بەناخیا ڕەگی دڵداری دادەکوتێ و زیاتر برسییەتی بەسەرجەم گیانیا گوزەر دەکا و دەیکا بە عاشقێکی ڕاستەقینەی سۆفیانە.

لە بەشێکی تری شیعرەکەیدا دەڵێ:

**ئەی گیانی خۆم!**
**لە یەکەم کۆرسی ئەویندا**
**مەمکەکانت فێریان کردم**
**ڕێزی بەفری چیاکان بگرم**
**چاوەکانت فێریان کردم**
**ڕێزی کانی بناری شاخەکان بگرم**

پەشێو زۆر پەشێوانەتر یارەکەی دەکا بە مامۆستای فێرکەری عیشق و زۆر بەرز دەینرخێنێ کە چۆن فێری وڵاتپەروەری و فێری ئەمەی کردووە، کە چۆن ڕێز لە چیا سەربەرزەکانی کوردستان و کانیاوە سازگارەکانی بگرێ، واتە یارەکەی کردووە بەڕێنیشاندەر و ڕابەری قوتابخانەی مەزنی کورد و کوردایەتی خۆی.

لە دوا بەشی شیعرەکەیدا دەڵێ:

**دەمەوێ بگەڕێمەوە**
**بۆ سەر تەختەی قوتابخانە!**
**چاوەڕێت کەم**
**لە دووەم کۆرسی ئەویندا،**
**فێرم بکەی مەمکەکانت بپارێزم**
**فێرم بکەی چاوەکانت بپارێزم**

لێرەدا هەست بەوپەڕی بێزاری پەشێو دەکرێ، کە چەندە تووڕە و هەراسانە بۆ ئەوەی تامەزرۆی تێنوێتی بشکێ دەیەوێ بگەڕێتەوە سەر تەختەی قوتابخانەی دڵداری و چاوەڕوانی یەکەم ساتە چرکەی ئەوین بێ و یارەکەی جارێکیکە سەرلەنوێ ببێتەوە بە مامۆستای فێرکەری سۆزی عیشق و فێری ئەوەی بکاتەوە کە چۆن کورد و کوردستانی خۆش بوێ، بەڵێ لەم شیعرەدا دەبینین کە پەشێو چۆن هەژان و سووتانی ژیان ڕاوی دەنێ بەدەست ئێش و ئازاری دولبەرەکەی کە ڕەنگە هەر مەبەستی (کوردستان) بێ ڕاوتری دەنێ و چۆن پەشێوانەتر ئەوپەڕی هەناوسووتانی بەسەر دێڕە جوانەکانی کاغەزی سپی دارشتووە وەکو بارانێکی بە لێزمەی زۆر بەگوڕی سەرشێتانە کە چۆن و نازانێ چۆنتر بباری، ئەوە ڕەنگدانەوەی کەسیەتییە جوانەکەی پەشێو لەم شیعرەیدا.

**سەرچاوە: شەونییە خەونتان پێوە نەبینم**
**نووسینی: عەبدوڵڵا پەشێو**